Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.29 14:50:53 +01'00'

# سیستانی ڕاست دەکات...!!

کەریم مودەریس

> من بە ڕەچەڵەگ ئێرانی و برپمەر ئەمەریکی دەبا لێگەڕێین عێراقییەکان خۆیان چارەنووسی خۆیان دیار بکەن.
>
> ئایەتوڵڵا سیستانی

بەڕێز ئایەتوڵڵا سیستانی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی تایمزی ئەمەریکی دەڵێ: من بەڕەچەڵەک ئێرانیم و بریمەریش ئەمەریکییە، کەوابێ بۆ نەیەڵین دوور لە هەر دەست تێوەردانێک یا بڕیارێکی سەپێندراو گەلی عێراق خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات. ئەمە قسەیەکی جوانە... ئەمە ئەو هەڵوێستەیە کە کورد بەدوایدای دەگەڕێ، بەڵام سەیر ئەوەیە دەست تێوەردان لەلایەن ئەو کەسانەوە دەکرێ کە کورد هاوبەشی نەهامەتییەکانی بە درێژایی مێژوو بەسەردا سەپاوە، بگرە ئەوان گوڕوتینیان لە کورد وەرگرتووە و خەبات و بەرەنگاریی کورد هەردەم هاندەرێک بووە بۆ ئەوەی ترسیان بشکێ و ڕێگەی مقاوەمەت بگرنەبەر. عەرەبی دوێنێ کە ڕووخانی ڕێژیم کێوێکی هێند سەخت بووە تەنانەت خەویشیان پێوە نەدەبینی، و بەزار نەخشەی وڵاتێکی ئاسوودە و پڕ لە برایەتی و تەباییان دەنەخشاند، کوڕی ئەمڕۆ نین، کوڕی ژێر بنمیچی ئەو باڵەخانەیەی سەڵاحەددینن کە ساڵی نەوەد و دوو کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی تێدا گرێدرا و دانیان بەفدرالی لە عێراقێکی چارەنووس بزر دانەدەنا... کورد لەو بڕوایەدابوو ڕووخانی بەغدا دەست لەملانێیەکی ڕاستەوخۆی گەلانی عێراقی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی کورد و عەرەبی ناکۆک و بەبێ سەرهەڵدانی هەر کێشەیەکی دیکە کار بۆ دابەشکردنی کێکەکە دەکرێ کە کورد لەبەر ساویلکەیی خۆی بە کەمترین بەش قایل دەبێ و دیسانەوە بەگۆبەندی برا گەورە و برا بچووکی وەک نەریتێکی دواکەوتووی پەیڕەوکرا و لە (سەر)ەوە دەکرێیتەوە بە (کلک).!!!

کەچیی برا عەرەبەکانمان (کە کەس نازانێ بەدەر لە خوای گەورە، برایەتیمان لە چییدایە) بە کلکەکەش قایل نین، لەکاتێکدا لە بەرژەوەندی کورد دایە ئەگەر لە دەرەوەی کلکەکەشمان بەرکەوێ، ئەگەر بەوە قایل نین فدرالی بۆ کورد وەک کەمترین ماف بێتە بڕیاردان، کورد دەتوانێ تەنازول لەم پیاوەتییە بکات (کە کەس مەمنوونی نییە)و ئەو مافە ڕابگەێنێ کە ئەمری واقیع دەیخوازێ (خۆ ئەوە حەمرین و ئەوەش سنووری کوردستانی عێراق).

ئایەتوڵڵا سیستانی لە دوای ئەوەی مەسەلەی هەڵبژاردنی وەک ڕێگەچارەیەکی ڕەتکردنەوی فیدرالی وروژاند و کێشمەکێشێکی زۆری لێ کەوتەوە و ترسی ئەوەی لەخۆی و سەدری هاوەڵی نیشت کە کوردیش هەڵبژاردنێک ڕەتبکاتەوە کە جارێکی دیکە بۆنی خەفەکردنی مافەکان و ڕەشکردنی چارەنووسی سەدەیەکی نوێ و نەوەیەکی نوێی لێ بکات، سیستانی داوای ڕێگەچارەیەکی مامناوەندیی دەکات و دیسانەوە مەسەلەی فیدرالی و دانانی بەبوونی گەلی کورد فەرامۆش دەکات، کە سەروسیمای ئەم چارەسەرە مامناوەندییەی ڕوون نەکردۆتە، بەڵام بە ئاشکرا دیارە لەوە بەرجەستە دەبێ کە عەربی شیعە باڵا دەست بێت و بەس. کەچی سەدام کە تا ئێستە لە ژیاندا ماوە و لەو بڕوایەشداین کە ئەو دادگاییە ناکرێ وەک ئەوەی لە خەیاڵی گەلانی عێراقی بەتایبەتی کورد دایە، هیچ کاتێک گفتوگۆی لەگەڵ کورددا ڕەتنەکردۆتەوە، بگرە کەم یا زۆرێک دانی بە هەندێ مافی سەرەکیدا ناوە کە ڕەنگە بەپێی ئەم مەنتیقە بێت لەگەڵ دەستەی ئەمڕۆی برا عەرەبەکان بە دە ساڵی دیکەی گفتوگۆش ئەم مافانە دەستەبەر نەکرێن. کە وابێ ئێمەی کورد دڵی چیمان بە ڕووخانی بەعس و کەلەبچەکردنی سەدام خۆش بێت لەکاتێک ئەوانەی بەیەکەوە لە چنگ سەدام هەڵاتبووین ئەمڕۆ خەریکن چاویان لە تەخت و تاراج و دەسەڵاتەکەیەتی و کاروانێکی دیکەی پڕ لە مقاوەمەتمان نیشان دەدەن. ئایەتوڵڵا سیستانی کە ئەو عارەبییە دەزانێ و، دەزانێ دەستێوەردان بەرژەوەندیی گەلانی عێراق دەخاتە مەترسییەوە، بۆ بەڕێزیان دەست لەم دەستیوەردانە هەڵناگرن و ئاسۆی دوارۆژێکی ڕووناکمان لێڵ دەکەن، یا مەبەستیان لە دەستهەڵگرتن لە کاروباری عێراق ئەوەیە کە ڕێگەی ماسییە گەورەکان بدەن ماسییە بچووکەکان بخۆن... یا دەبێ نەزانن کە جیهانی ئەمڕۆ جیهانی دوێنێ نییە و وەک سەرۆک بارزانی دەڵێ بای ڕزگارکردنی دە وڵات خوێنمان ڕشتووە، واتە ئەمڕۆ وادەی بەدەستهاتنی مافەکانە نەک دووبارەبوونەوەی نەهامەتییەکان و جارێکی دیکە گرتنەبەری ڕێگەی کێوان. بۆیە نابێ پەندی ئەوانەمان لەیاد بچێ کە لە ڕێگەی گەیشتن بە(تاج)دا تەنها تاجەگوڵینەیان پێ بڕا...